*

زانكۆی سەلاحەدین . هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ئەفسانەی ئەشكەوت
# ی
# ئەفلاتوون

سمنار لەلایەن :م. سامی اسماعیل مصطفی

2022-2021


ئەفلاتوون بە مەبەستی شیکردنەوەی بیرۆکەکانی.

ئەفسانەیەک دەگێڕێتەوە کە ئێمە پێی دەڵێین


ئەفسانەی ئەشکەوت

وای بێنە بەر چاو کە کۆمەڵێک مرۆڤ لە ئەشکەوتێکدا دەژین و دەست و پێیان بە شێوەیەک بەند کراوە کە جگە لە دیواری کۆتایی ئەشکەوت، چی تر نابینن


له پشت سەریانەوە دیوارێکی بەرز هەیە کە گیانلەبەرانێکی لە شێوەی مرۆڤ لە بەرامبەریدا تێدەپەڕن و پەیکەرەگەلێکیان بە دەستەوەیە کە لەگەڵ خۆیان دەیگێڕن




لە پشت ئەوانیشەوە ئاگرێک دادەگیرسێ و سێبەری لەرزۆکیان دەکەوێتە سەر دیواری کۆتایی ئەشکەوت، واتا بەرامبەر چاوی مرۆڤەکان



کەواتە تەنیا شتێک کە ئەشکەوتنشینەکان دەتوانن بیبینن، هەر ئەو هاتوچۆ و یاریی سێبەرەکانە. ئەو خەڵکە لەو ڕۆژەوە کە هاتوونەتە سەر دنیا، لەو دۆخەدا دانیشتوون و هەر بۆیە گومان دەکەن جگە لەو سێبەرانە هیچ شتێکی تر بوونی نییە





ئێستا وای دانێ کە یەکێک لەو ئەشکەوتنشینانە بتوانێ لەو بەند و زنجیرە دەرباز بێ.

یەکەم شت کە لە خۆی دەپرسێ، ئەوەیە کە ئەو سێبەرانە لەکوێوە دێن. هەر کە ئاوڕ دەداتەوە و پەیکەرەکان لەسەر دیوار دەبینێ، سەرەتا ڕووناکیی توندی هەتاو چاوی ئازار دەدا.

لە ڕووناکیی پەیکەرەکان سەری سوڕ دەمێنێ چون تا ئێستا تەنیا سێبەرەکەیانی دیتبوو و ئەگەر بتوانێ لە دیوار سەر کەوێ و لە ئاگر تێپەڕ بێ و پێ بنێتە نێو جیهانی دەرەوە، لەوەش زیاتر سەری سوڕ دەمێنێ. لە دیتنی ئەو هەموو ڕەنگ و جوانییە دەست بە چاویدا دەخشێنێ.

بۆ یەکەم جار ڕەنگ و شێوەکان بە وردی دەبینێ.
ئێستا **گیانلەبەر** و **گیا** و **شتەکان** بە شێوازی ڕاستەقینە دەبینێ، لە کاتێکدا پێشتر تەنیا سێبەرێکی تاریکی لێ دیتبوون.
بەڵام هێشتا لەخۆی دەپرسێ کە ئەو هەموو گوڵ و گیانلەبەرە لەکوێوە هاتوون؟
ئەوسا چاوی بە خۆر دەکەوێ و تێ دەگا کە ئەوە سەرچاوەی ژیانی هەموو گوڵ و گیانلەبەرەکانە. هەر ئەو جۆرەی کە ئاگر سێبەرەکانی لەنێو ئەشکەوتدا بەدیار دەخست.

ئەشکەوتنشینی بەختەوەر دەتوانێ لەوەش زیاتر هەنگاو بنێ و سەری ئەملا و ئەولا بدا و لە ئازادیی تازە بەدەستهاتووی خۆی کەلک وەرگرێ.

بەڵام بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە هێشتا لەنێو ئەشکەوتدان و بۆیە دەگەڕێتەوە و لەوێ هەوڵ دەدا بۆ ئەو کەسانە ڕوون بکاتەوە کە سێبەرەکانی سەر دیوار ڕەنگدانەوەی لەرزۆکی شتە "**ڕاستەقینە**"کانن. بەڵام ئەوان باوەڕی پێ ناکەن،

دیواری ئەشکەوتی پی نیشان دەدەن و دەڵێن هیچ شتێک جگە لەوەی کە ئێمە دەیبینین بونی نییە

**دواجار دەیکوژن.**

مەبەست لە ئەفسانەی ئەشکەت وەک ئەوە وایە کە هێمایەکە بۆ ڕۆحی مرۆڤ لە ناو جەستەدا یان پەیوەندی لەگەڵ جەستەدا

وەک شتێکە لە زیندانییەکی زنجیرکراودا

لە ئەشکەوتێکدا دانراوە و لە پشتەوە ئاگرێکی سوتێنەرە کە شتەکان ڕووناک دەکاتەوە و سێبەرەکانیان دەخاتە سەر دیوارێک کە لەبەردەمی بەندکراوەکاندایە

ئەشکەوت لەم ئەفسانەیەدا جیهانی هەستپێکراوە

سێبەرەکان زانینی هەستن و شتە ڕاستەقینەکان کە ئەم سێبەرانە دروست دەکەن ئەوە دونیای **نموونەیە**. دونیانیی ڕاستەقینە دونیایی بێ کۆتایی


سود وەرگرتن لە بیرۆکە
کەسی بەرامبەر
هەلسوکەوت
نواندن
دووروویی
راستی
ئەنجام

# ئەنجام

1. ئەوەی هەستی پێدەکرێت دونیای راستەقینە نییە بەڵکو سێبەرەکەیەتی
2. ئەوەی دەیبینین و ئەوەی گوێبیستی دەبین شەرت نیە راستی بێت
3. بریار دان لە سەر بنەمای هەستەوەرەکان نابێت